


**پارێزەر: کمال رەزا ئەحمد، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان:**

# لەباسکردنی ئاین دژایەتییەکی زۆر هەیە لەبڕگەو مادەکانیدا تەنها بۆ ڕازی کردنی شەقامی کوردییە

**دیمانە ئاسۆ**

دەستوور لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە هاوچەرخەکاندا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و بنەماکانی سەرەکی یە بۆ یەکخستنی کۆمەڵگا دوای دەستوری عێراق لیژنەیەك لەپەرلەمانی کوردستان هەستان بەدانانی ڕەشنوسێك بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان , دوای بڵاوکردنەوەی ڕەشنوسی دەستوور لەلایەن ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و ڕەخنەو قسەی زۆر لەسەر ئەم ڕەوشتە کرا بۆ پەرلەمانی کوردستان لەبڕیارێکی دا ڕایگەیاند کەماوەی گفتوگۆ کردن لەسەر ڕەشنووسی هەرێمی کوردستان درێژ دەکاتەوە تا مانگی چواری دوو هەزار و حەوت بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ڕەشنووسی دەستور **ئەم دیدارەمان** لەگەڵ بەڕێز **پارێزەر: کمال رەزا ئەحمد، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان: سازدا**

**پرسیار1 / لەمادەی "23"لەدەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عیراق‌و ئەنجومەنی خۆجێی‌و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ بەشداری ژنان تەرخان دەکرێت بەمەرجێك 25٪ کورسی یەکان کەمتر نەبێت ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە"21" نییە لەهەمان دەستوردا کەمافی یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو ڕەگەزەکە؟**

وەلآم / دیارە داڕێژەرانی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردنی چالاکانەی ژنان لەبواری پیادەکردنی مافە سیاسی‌یەکان پەنایان بردۆتە بەر سیستەمی کۆتا کە ئەمەش بەواتای دیاری کردنی ڕێژەیەکی دیاری کراو بۆژنان ئەمەش دیارە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەلە کەلتورو داب‌و نەریت‌و خراپ بەکارهێنانی بەهاکانی کۆمەڵ‌و هەڵسوکەوتی پیاوان لەکۆمەڵگەدایە شێوەیەك بوو کە ژنانیان پەراوێز کردووە مافیان پێ شێلکردووە بۆیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافە هەڵساون بەدیارکردنی ئەم ڕێژەیە.... لەبەر ئەوەی هەردوو مادەی "21 و 23" دوو مادەی دەستورین بۆیە نرخی دەستوری خۆیان هەیەو پاشان لەکۆتای مادەی "21" دا ئاماژە دەدات بەوەی"دەبێ هەرشتێك بەربەست دابنرێت لەبەردەم یەکسانیدان لە ژیانی کۆمەلآیەتی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابووری‌و سیاسی‌دا لابەرێت"بێگومان لابردنی بەربەست بەوە دەبێت کەپەناببرێتە بەردەم دیاریکردنی ڕێژەیەك بۆ ژنان بەمەبەستی یەکسانی کردنی لەگەڵ پیاودا، چونکە ئەگەر ئەم ڕێژەیە دیاری نەکرێت ئەوا زۆربەئاستەم ژنان دەتوانن بچنەنێو ئەنجومەنەکان لەدوواجاردا ئەنجومەنەکانیش ڕەنگدانەوەی هەردوو ڕەگەزەکەو یەکسانکردنیان نابێت.

**پرسیار2 / یەکێك لە ئیشکالیەتەکانی دەستوری هەرێم نووسینی ئەم دەستورەیە بەزمانی بێگانە کەئەمەش ڕوبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە لەلایەن ناوەندی سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌یەوە ئایا نەدەکرا ئەو ڕستەو زاراوانەی کەلەزمانی کوردیدا موورادیفیان نییە بەئینگلیزی یان عەرەبی لەنێوان کەوانەیەکدا بنوسرانایەتەوە؟ بۆوێنە هیچ نەتەوەیەك نی‌یە لەدونیادا بەزمانی بێگانە دەستورەکەی بنوسرێتەوە؟ ئایا ئەمە بێ توانایی زمانی کوردی نیشان دەدات یان گرێ دانەوەی کوردستان بە نیشتمانی عەرەبی‌یەوە؟**

وەلآم / یەکێك لەوەڕەخنانەی کە ئاڕاستەی پرۆژەی دەستورەکە دەکرێت، داڕشتن‌و نوسینی‌یەتی بەزمانی عەرەبی‌و پاشان وەرگێڕدراواتە سەر زمانی کوردی‌و لەوەرگێڕانەکەشدا هەڵەی وەرگێڕان هەیە چونکە بەزمانی ئەدەبی داڕێژراوە ...... پێم وانیە ئەمە پەیوەست بێت بەبێ توانای زمانی کوردی بەڵکو زمانی

کوردی فراوانە بەڵام دەتوانرا پرۆژەکە بەزمانی کوردی بنوسرایەو بخرایەتە بەردەم لیژنەیەکی زمانەوانیو یاسایی.

**پرسیار3 / لەڕەشنوسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون ناوی هەرەسەرەکی "کوردستان-عێراق"ە تەنیا ناوی کوردستان بەڕووتی بەکار نەهێنراوە ئایا نەدەکرا کوردستانی باشور یان کوردستان بەتەنیا بۆ کوردستان بەکاربهێنرایە تا ئەوەی عێراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟ چۆن لەهیچ ناوچەیەکی جیهاندا ئەم ناوە لێکدراوانە بەکار نەهێنراوە بۆ نموونە لە ئێران ئوستانی کورستان بەکار هاتووە نەك کوردستانی ئێران ئایا بۆچی دەبێت بەردەوام پاشگری عێراق بەدووای ناوی باشوری کوردستانەوە بێت هۆکەی ڕەچاوکردنی دۆخە یان خۆبەعێراقی زانیین؟**

وەڵام / بەکارهێنانی ووشەی باشوری کوردستان دەستەواژەیەکی دەستوری نیەو پێچەوانەی دەستوری عێراق بەڵکو دەبێت دەستەواژەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراق بۆیە بەکارهێنانی پاشگری عێراق پەیوەستە بەو واقیعە.

**پرسیار 4 / هەموو فەرهەنگو ئینسکلوپیدیاکانی جیهانو تیورزانو باسکرانی پسپۆر لەبواری نەتەوە ناسیدا لە شۆڕشی فەرەنساوە"1789" هەتا هەنوکە لەسەر پێناسەی گشتی نەتەوە کۆکن کە نەتەوە بەکۆمەڵە خەڵکانێك دەوترێ خاوەنی زمانو مێژوو خاكو کلتورو ئایینی هاوبەش بن پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە کەلەیەکێك لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پێکهاتووە لە کوردو نەتەوەکانی تورکمانو کلدانو ئاشور ئەرمەن و عەرەب پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بەکارهێنانی ئەو کەمە نەتەوانە بەنەتەوە کێشەیەکی سیاسیو یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان ناخولقێنێت؟**

وەڵام / پێم وانیە بەناوهێنانی نەتەوەکانی تر لە دەستوردا کێشە بۆ هەرێمی کوردستان بخولقێنێت بەڵکو بەپێچەوانەوە مافێکی دەستوریو یاسایی خۆیانو ناکرێت "بەعس ئاسا" فەرامۆش بکرێتو لەبەر ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان دەژین پێویستە لەمافو ئەرکدا هاوشانی هاوڵاتیەکی کوردزمان بن، ناوهێنانی نەتەوەکان دۆزینەوەی چارەسەرێکی دەستوریە نەك خولقاندنی کێشە.

**پرسیار 5 / زۆرێك لەیاساناسو پسپۆرانی بواری دەستور جەخت لەسەر ئەوە دەکەن سیمای سەرەکی ئەم دەستورە سیمایەکی ئیسلامیە بەو پێیەی لەماددەی"7"دا ئایینی ئیسلام کراوەتە ستراکتەری نوسینەوەی دەستور، وەلێ هەموو بنەماکانی نیە بەڵام بنەمایەکی کاریگەرە لە داڕشتنی دەستوردا، پرسیارەکە لەوێوە دەست پێ دەکات گەمارۆدانی دەستور بەبنەما ئایینیەکانی ئیسلام بەتاڵکردنەوەی خودی سکولاریزم نیە کەلەسەر جیاکردنەوەی دینو دەسەڵات ڕاوەستاوە؟ لەلایەکی تر ئەگەر شەریعەتی ئیسلام ڕۆڵی کارا لەنوسینەوەی دەستوردا بگێری خۆی لەخۆیدا هەڕەشە نیە بۆ سەرمافی ئەوانی تری غەیرە موسوڵمان؟ ئاخۆ دەستورێك کە ئیسلام ئیمانی خۆی تێدابێت چەند دەتوانێت مافی پەیرەوانی ئاینەکانی ترو بێ ئاینەکان بپارێزێت؟**

وەڵام / هەم دەستوری عێراقو هەم پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەباسکردنی ئاین دژایەتیەکی زۆر هەیە لەبڕگەو مادەکانیدا تەنها بۆ ڕازی کردنی شەقامی کوردیە لەسەر ئەوەی کەلە دەستورەکەدا ئاماژە دراوە بەوەی کەبنەماکانی شەریعەتی ئیسلام وەك یەکێك لەسەرچاوەسەرەکیەکانی یاسادانان دادەنرێت، بەدڵنیاییەوە ئەم بڕگەیە بەهیچ شێوەیەك کاریگەری نیە لەسەر ڕەوتی سکۆلایزم کەلەکۆمەڵگەدا چونکە دەروازەو ماددەکانی تری پرۆژەی دەستورەکە هاوشانی یەکسانیو ئازادی و مافی مرۆڤو سکۆلاریزم دەڕۆنو لەبواری پراکتیکدا پێموانیە ئەم مادەیە کارپێبکرێت مەگەر لەبواری یاسایی باری کەسێتیو بەتایبەت لەبواری میراتو تەڵاق...... هتد لەبواری سزایو بازرگانیو مەدەنیو کاریگەریو لایەنەکانی تردا فەرامۆش دەکرێت.

پرسیار6 / سەرباری ئەوەی هەندێك کەموکورتی جدی لە ڕەشنوسی دەستوردا بوونی هەیە بەڵام پراکتیزەکردنی ئەم دەستورە کارێکی پۆزەتیفە بەنیسبەت هاوڵاتیانی کوردستانەوە، کاتی ئەوەیە بپرسین ئەم دەستورە دەتوانیت دابڕانێك دروست بکات لەنێوان دووماوەدا بەومانایەی قۆناغی پێش دەستور کە پڕیەتی

لەپێشێلکاریو قۆناغی دوای دەستور کەلێوانلێوە لەپابەند بەیاساو برگەو ماددەکانی دەستورەوە یاخود دەستور وەك تێکستێکی سواوو کارپێنەکراو دەمێنێتەوەوەچێتە چوارچێوەی دیماگۆگیەتی دەسەلاتی سیاسیەوە؟

وەلام / ڕاستە جێبەجێ کردنی برگەکانی دەستور، خودی دەستورەکەیە بەهاترو پیرۆزتر سەیر دەکرێت، بەلام پێموانیە تاچەند سالێکی دی دەسەلات داران لەم هەرێمەدا نەك پابەندبن بەم دەستورەوە بەڵکو پابەندبوون بەیاساکانی چونکە تا ئێستا فەرهەنگی ڕێزگرتنو جێبەجێ کردنی یاساو دروستکردنی دەوڵەتی موئەسەساتی لای ئێمە نرخی نییە، کە بێگومان دەوڵەتی قانونیش بناغەکەی لەداڕشتنی دەستورو ڕێزگرتنی سەرچاوە دەگرێت.

تێبینی ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی ئالادا بلاو کراوە تەوە